# چاوخشانێک بە مێژووی مۆزیکی فیلم


**صوفیا لیسا**

**لە عەرەبییەوە: نایف محەمەد**


پێوەندی نێوان موزیک و گرتە و دیمەنەکان بۆ سەردەمانێکی دوور دەگەڕێتەوە، لە ڕۆژگاری نمایشە مێژووییەکانی یۆنانەوە، موزیک بەشێوەیەکی پتەو وابەستەی هەریەک لە شانۆ و چالاکییە دراماییەکان بوو. لە سەردەمی بووژانەوەدا نمایشە شانۆییەکانی ئینگلیزی و ئیتاڵی و ئیسپانی هەمان ڕەوت و پرۆگرامیان پێڕەو کرد. لەپاش ئەوە وردە وردە کاریگەری ئەو بوارە لە هونەری ئۆپێرادا بەرجەستە بوو، کە لەوێدا پێوەندی موزیک بە دەق و ڕووداو شوێن باوەڕترە. لە هونەری بالێدا سەرەڕای دەرنەکەوتنی سیمای کەسایەتییەکان موزیک پەیوەستە بە ڕووداوەوە، کە ئیما و جووڵە ڕێکخراوەکان جێگایان دەگرنەوە.

ئەوەش بەو مانایە دێت کە موزیک لەسەر ڕووبەری شانۆدا هاوشانی ڕووداوە دراماییەکان دەکات، لەگەڵ ئەوەی ڕۆڵ و کاریگەری موزیکی درامی لە کارە شانۆییەکاندا زۆر کەمە - بەشێوەیەک لە شێوەکان - سەرەڕای جێبەجێکردنی چەندان ڕۆڵی هونەری کە خۆی لەوەدا دەبینێتەوە هەستەکان لە میانەی یەک دیمەندا کۆک ڕادەگرێت، کە هاوشانی دەکات، یان بەدوایدا دەچێت، موزیک هەستەوەرەکانی بیسەر دەورووژێنێت و ئامادەی دەکات بۆ پێشوازیکردن لە دیمەنی دواتر، موزیک سەرەڕای ئەو نەغمە و ئاوازانەی کە دەیبەخشێت، دیالۆگیش دەخاتە کار و واری جێبەجێکردنەوە.

موزیک گەورەترین ڕۆڵ لە میلۆدراما دەبینێت بەوەی باگراوند بۆ وشە گۆکراوەکە و درامی بوونی ڕووداو دروست دەکات.

ئەو هەموو شێوەیە لە پێوەندییە هەمەجۆرەکانی موزیک و بوارە هەمەچەشنەکانی هونەر، بنچینەیەکی زۆر پێویستە بۆ هەموو گرتەکان و ڕیزبەندی و کۆکبوونی لە پێکهاتەو ناوەرۆکی فیلمدا.

لەوکاتەی هونەری فیلم (فیلمی بەدەنگ - بەتایبەتی) کەوتە نێو بازنەی گرنگی پێدانەوە، هەموو جۆرە هونەرەکانی دیکە پێوەندییەکی توندوتۆڵ بە یەکەوەی گرێدابوون، تا لە میانەی چەند سەدەیەک لە پێشڤەچووندا، بوون بە خاوەنی سیمای تایبەت بەخۆیان و پێی دەناسرانەوە و بووبوونە پێناسەیان، بەشێوەیەک هەریەک لەو هونەرانە شێوازی جیاواز و تایبەت بەخۆی هەبوو، بۆ نموونە دراما بە نمایشە شانۆکانییەوە و موزیک بە ئۆپێرا و سەما و گوزارشتەکانیش بۆ بالێ. لە فیلم و هەروا لە شانۆشدا وێنەی بینراو بەرجەستە و زاڵ بوو.

هەریەک لە وێنە و موزیک بە تەنیا ئەو ڕۆڵ و کاریگەرییەیان نییە، بەڵام هەردووکیان بەیەکەوە یەکەیەکی بەهێزو کاریگەر پێکدەهێنن، بەهێزتر لە هەر پێوەندییەک لە نێوان هونەرەکانی دیکەدا، ئەو یەکگرتنەیە کە شێوەیەکی دیالێکتیکی هەیە و بەیەکەوە کارە هونەرییەکە بە کەماڵ دەگەیەنن.

ئەگەر وتمان وێنە ناوەرۆکێکی دیاریکراو پێشکەش دەکات، کەواتە موزیک قووڵی ئەو ناوەرۆکەمان پێشکەش دەکات، وێنە لە میانەی دیمەنەکاندا خواست و مەبەستەکان دیاری دەکات و موزیکیش تایبەتمەندی و لایەنە باشەکانی گوزارشتکردنی دەخاتە سەر، بەمەش موزیک ئاسۆی کاریگەری و کارتێکردنی وێنە بەرفراوانتر دەکات، کە لەوەوە پێوەندی ڕاستەقینە و تەواوکار لە نێوانیاندا دروست دەبێت، زۆر سروشتییە کە ئەوەشیان نەبێتە هۆکاری ڕەخساندنی زەمینەیەکی گونجاو بۆ هەر کارێکی هونەری.

دیاردە سەرەتاییەکان بۆ بەکارهێنانی موزیک لە هونەری فیلمدا، چاوەڕوانی زۆری لێ نەدەکرا، کاتێک کە ئەدیسۆن لە ساڵی (١٨٨٧) ئامێری نمایشکردنی سینەمای داهێنا، تاکە مەبەستی ئەوەبوو کە تاک تاکەی وێنەکان هاوشانی ئاواز و نەغمەی دیاریکراو لەدوای یەکدا نمایش بکات، هەر بە سوود وەرگرتن لەوانەی پێش خۆشیدا گەیشتە ئەو داهێنانە.

نمایشە سەرەتاییەکانی فیلمی بێ دەنگ لە قاوەخانە و پێشانگاکاندا - بەپێی توانست - لەگەڵ موزیکێکی سووک و گونجاودا نمایش دەکران، وەک ئەو موزیکانەی کە لە نمایشەکانی سێرکدا لێ دەدرێن.

لە ساڵی (١٨٨٢) چەند کارێکی لەو شێوەیە نمایش کران، ساڵی ( ١٨٩٥) (لومیێر) پرۆگرامە سینەماییەکانی خۆی لەگەڵ ئامێری پیانۆ پێشکەش کرد. دەتوانرێت بوترێت کە لەو ماوەیەدا فیلمی بێ دەنگ موزیکی بۆ ئەوە بەکارهێناوە تا بتوانێت ئەو هەرا و دەنگە دەنگە بەرزە داپۆشێت کە لە ئامێری پەخشی نمایشەکانی فیلمدا دەردەچوون، ئەرکی- پیانۆ ژەنان - دواتریش - ئۆرکێسترا- کە هاوشانی نمایشەکانیان دەکرد، ئەوە بوو ئەو هەرا و دەنگە دەنگە ناخۆشە بخنکێنێت، موزیکژەنان یەکسەر لەگەڵ نمایشەکاندا موزیکیان دەژەند، یان هەندێک کاری موزیکی دیکەیان هەڵدەبژارد کە لەگەڵ ئەو نمایشانەدا بگونجێت، ئەوەش وای دەکرد کە ئاستی چێژ و مەعریفەی موزیکی ئەوان ببێتە پێوەر و بڕیاردەر لە سروشتی موزیکی فیلمەکە، ئەوێ ڕۆژێ کارە کلاسیکییەکان و پارچە موزیکە خراپەکان و ڕیتمە خێراکانی سەمای تازە هەموو ئەمانە دەبوونە هۆی دروستبوونی نارۆشنی لەڕووی پێکهاتە هونەرییەکەو دوورکەوتنەوە لە جددییەت.

کاتێکی زۆر بەسەر ئەم شێوازی کارکردنەدا تێپەڕی نەکرد، کەسەکان هەستیان بەوە کرد کە هیچ کاریگەرییەک لە نێوان موزیک و ڕووداوەکانی نێو فیلمەکەدا نییە، بەتایبەتیش ئەوەی کە هونەرمەند ئارەزووی دەکات و خواستوویەتی، لەلایەکی دیکەوە هەست بە پێداویستی بوونی پێوەندی دوولایەنە کرایەوە کە پێویستە لە نێوان خووە باش و جیاوازەکانی فیلم دا هەبێت و ئەو کاریگەرییانەی کە پێویست دەکات بەدەستەوەیان بدات. هەنگاوی یەکەم لەو پێودانگەدا دەستەبەرکردنی هاوشانی و چوونیەکی نێوان خووە باش و جیاوازەکان و ئەو کاریگەرییانەیە کە لێی دەخوازرێت بەدەستەوەیان بدات، ئەوەشیان پەیوەست بوو بە کاری شرۆڤەکارییەکی ورد و تێروتەسەل بۆ گرتە و گۆشەکانی و هێزی گوزارشت کردنیان.

ساڵی (١٩١٣) یەکەمین کاری موزیکی سینەمایی دەرکەوت، هەنگاوی دواتر ئەوە بوو داوا لە دانەرانی موزیک بکرێت کە وابەستەی شێواز و هەڵویستەکانی نێو فیلم بن، لەپاش ئەو هەنگاوە لەجیاتی بەرجەستەکردنی کاسێت و موزیکی زیندووی هاوشانی فیلم، ئەو گرووپە موزیکییانەیان بەکاردەهێنا کە دانراوی تایبەت بە فیلمەکانیان دایاندەنان.

ساڵی (١٩٠٩) تا (١٩١٤) موزیکی تایبەت بۆ (٣٠٠) کورتە فیلم دانراوە. ساڵی (١٩٠٨) لەو بوارەدا وەرچەرخانێکی یەکلاکەرەوە بوو و لەو ڕێکەوتە بەدواوە دانەرانی موزیک، موزیکی تایبەتیان بۆ فیلمی درێژ داناوە و نووسیوەتەوە، نموونەی فیلمی (- کوژرانی دوق گویز) و (سیبیریا) و (بازرگانی کالاشینکۆف) و کورتە

فـیلمی (سـتنکارازین)، لە نێـوان سـاڵانی (١٩٢١ - ١٩٢٣) کـۆمـەڵێک فـیلمی دانەرە مـوزیکـیـە بەناوبانگەکـانی وەک: (جـورج ئەنتـیل) و (داریوس میلهاود) و (ڕۆجیە دەسورمبیە) دەرکەوتن.

لەو قۆناغەدا ڕێڕەوی ڕووداوەکانی نێو فیلمەکان لەگەڵ مـوزیکەکـان یەکـیـان نەدەگرتەوە، کـە ئەوکـاتە هێشـتـا موزیک لەسەر کاسێت و سیستمی پێشکەوتوو تۆمار نەدەکرا، بەڵکو لەسەر بەکرە تۆمار دەکرا، ئەوەش دەبووە ئەگەری درێژی و کورتی تۆمارکراوەکە، دەبوایە هەوڵی زۆر بدرێت تا بەپێی توانست لەگەڵ ڕێڕەوی ڕووداوەکانی نێو فیلمەکەدا یەک بگرنەوە.

دوای ئەوە ئەو مـوزیککارانە مـوزیکیـان بۆ سـینەمـا دانا: ئیـریک سـاتی، لرینیـە کلیـر، هوینگرلابل گـانس، هەروا هنید مینتیش موزیکی بۆ فیلم داناوە.

ساڵی ١٩٢٦ یەکەم فیلمی (بەدەنگ - فیلمی ناطق) دەرکەوت و هەر لەسەر هەمان فیلمی وێنەدار، موزیک جێبەجێ کرا، ئەو تەکنیکە دەرفەتی ڕەخساند بۆ ئەوەی تا ڕادەیەکی زۆر وێنە و دەنگ هاوشـان و بەرانبـەر یەک بن و لەنێـوان هەردووکـیـان و توخـمـەکـانی دیکەی کارتێکەر حاڵەتی درامی تەوزیف و بەرجەستە بکات، لە هەمان کاتدا وشە و وتاری کە بەدەنگ دەخوێنرایەوە لەسەر شریتی فیلم تۆمارکرا و سینەمای خستە بەردەم ئاریشـەیەکی تازەوە. مـوزیک تەنیـا ئاراسـتـەیەکی بۆ سینەمـا دروست نەکـرد، بەڵکـو خسـتـیـە بەردەم ئەو شـاکـارە مـوزیکـیـانەی کـە پێـشـتـر لەلایەن دانەرە موزیکییەکانەوە دانرابوون، لەوەوە لە سینەمادا دەست بە جێـبـەجێ کـردن و دروسـتکردنی فـیـلم بۆ شـاکـارە ناودارەکـانی ئۆپێـرا و ئۆپەرێت کـرا و دواتر گـەورە مـوزیکارەکـانی بەدوا داهات. ئەو مـوزیکارانەی کـە موزیکیان کردبووە کەرستەی سەرەکی ڕووداوەکانی ناو فیلمەکان، دواتر هەندێک لەو فیلمانە هاتنە بەرهەم کە جەختیان لەسەر گرووپە ناودارەکانی جاز و ئۆرکێستـرا دەکردەوە، سەرۆک گرووپەکانی جاز و ئۆرکێستراکان بە مـوزیک و لێـوەشـاوەیی خـۆیان بڕەویان بە کـارە سینەمـایەکـان دا و جێ پەنجـەی خۆیانیـان نیـشـان دا، بەمەش ڕوخسار و لایەنی بەڵگەنامەیی خرایە سەر ئەو فـیلمـانە و تایبـەتمەندی هەر دانەرێک لەو دانەرە مـوزیکـیـانەی تێدا دەرکـەوت بەدەر لە تایبەتمەندی و لایەنی سینەمایی دراماکە، بەڵام سەبارەت بەو فیلمانەی کـە تایبـەت بە ژیانی گـەورە مـوزیککارەکـان نووسـراوە نموونەی وەک: بتـهـۆڤن، شـۆبەرت، شـۆبان، گلینکا، مـوسـورگسکی، ڤـێـردی و...تاد. ئەوانی دیکە، لە دوو ڕووەوە موزیکەکانیان بەخراپی بەکارهێنراوە:

**یەکـەم:** مـوزیک هیچ ڕۆڵێکی نەبووە، تەنیـا وەک باگگراوندی دیمەنە جۆراوجۆرەکانی ژیانیان بەکارهێنراوە، زۆر بەکەمی لەو کارەی دوور دەکەوێتەوە.

**دووەم:** لە دید و ڕوانگەی دەرهێنەرەوە نەوەک دانـەری مـوزیک، مـوزیکەکـە ناوەڕۆکی دیمەنەکـان و واقیـعی وێنەکـانی بەرجەسـتـە دەکرد و دەگواسـتـەوە، لە ڕێگەی زانیـاری پێـشـوەخـتـە و هەرس کـردنی دانەرە موزیکییەکەوە، بەڵام ئەو فیلمە موزیکییە میللییانەی کە هەڵگری پەیامێکی جددین، خاوەنی هێما و ئاماژەی قـووڵن، بەتایبـەتیش ئەوەی پێـوەندی بە ژینگە و ڕوخساری جوان و تایبەتیانەوە هەیە.

لەکاتی سوود وەرنەگرتن و بەکار نەهێنانی ئەو شێوازە مـوزیکانە و تەنیـا بەکـارهێنان و ڕووکـردنە فـۆلکلۆری ڕەسەن، دەتوانرێت لایەنی گوزارشتی هونەریی فیلمەکە قـووڵ بکرێتـەوە. ئەو بەکـارهێنانەی مـوزیکی مـیللی (الخام) لە فـیلمەکـانی سۆڤیەتی و بەڕازیلی و چینی و هی تردا دەبینرێن، بەڵام بەکارهێنانی موزیکی میللی لە فــیلمــدا لە دەرەوەی ئەو وڵاتانە زۆربەی جــاران ڕەسەنایەتی خۆی لە دەست دەدات.

لە دەرەنجامی کـاریگەری مـوزیک بەسـەر سـینەمـاوە، لەساتە وەختێکی زوو کۆمەڵێک کاری سینەمایی هاتنە کـایەوە بۆ ئەوەی چەند کـارێکی ناوازەی مـوزیکی بە دیدگا و بینینێکی سینەمایی بگوێزنەوە و بەرهەم بێن، ناتوانرێت ئەو کـارانە بە کـارێکی ئاسـایی بزانرێت، ئەوەیان کێشەکان تەنیا بە شێوازە گشتییەکان چارەسەر ناکات، بەڵکو بە هێڵەکان و جووڵەی نموونە و شێوازەکان و پشت بەستن بە سروشت و دیمەنەکانی چارەسـەر دەبێ. لە سەرەتای سییەکاندا زنجیرەیەکی گەورە لەو فـیلمانە دەرکەوتن کە شێوازی بەرجەستە کردنی سەمفۆنییەکانیان کردبوو بە ئاراستەی کارکردنیان لەگەڵ وێنەی ئەو سەما و هەڵپـەڕکـێـیـانەی کـە لەسـەر ئیـقـاعی مـوزیکی ئۆرکێـستـراکـاندا دەژەنران لە ڕێگەی ئەو موزیکەی کە پێشوەختە ئامادەکرا بوو. بۆ نموونە فیلمەکانی فیشنگەر (سەماکانی هەنگاریا) و (ستۆدیۆ ٩) سەبارەت بە برامز و موزارت، فیلمەکانی ڤالتر ڕوتمان سەبارەت بە شۆمان و هەستە ڕۆمانسییەکانی ئیزنشتاین و چایکۆفسکی... تاد.

لە سـاڵی ١٩٣٥ یەکـەمین فـیلمی ڕەنگاوڕەنگ دەرکەوت و زۆر لە سینەماکاران فیلمی ڕەنگاوڕەنگیان

لەگەڵ موزیکدا بەکارهێنا وەک کاری ئەزموونگەری.

لە دە ساڵی یەکەمی ڕەوتی پێشڤەچوونی فیلمی بەدەنگ (الفیلم الناطق) بیروباوەڕی جۆراوجۆر هاتنە کایەوە و گەشەیان سەند، ئەو واتایەش جێگیر بوو کە دەڵێت موزیک و فیلم یەکسان و وەک یەکن. هەوڵی جۆراوجۆر بە ڕێگای جۆراوجۆر بۆ دووپاتکردنەوەی کاریگەری دوو لایەنەی نێوان وێنە و موزیک درا، واپێدەچێت ڕوخساری ڕاست و ڕوونی ئەو هەوڵانە لە یەکسان بوون وەک یەکبوونی نێوان موزیک و (فیلمی درامی) و چیرۆک ئامێزەوە دەرکەوتبێت.

لە بەرانبەر پرسیاری: ئاراستەی پێشڤەچوونی موزیک لە فیلمدا چییە؟ دەتوانرێت وەڵامی چەند خاڵێک بدرێتەوە: موزیک لە فیلمی بە دەنگ، باس لەو ڕۆڵە درامی و کاریگەرانە دەکات کە چوونەتە قووڵایی کارەکەوە، دەکرێت لە هەندێک بەرجەستەکردنی گشتی و ئاڵۆزی ناو فیلمەکەدا بەشێوەیەکی سەرپێیی و ڕاگوزەر مامەڵە بکات.

سەبارەت بە یەکسانی و چوون یەک بوونی فیلم و موزیک، دەتوانین بڵێین موزیک هاوشان و چوون یەکە و لە هەمان کاتیشدا هاوشان و چوون یەک نییە لەگەڵ ئەوەی کە پێوەندی بە یەکەکانی بینین و بینراوەوە هەیە، بەواتای کارەکە بگاتە ئاستێک لەخۆڕا ڕووداوەکە بەرجەستە بکات، شێوەکانی لەخۆڕا جۆراوجۆرن و ڕێڕەوی کارەکە بە شێوەیەکی زۆرچاک بەرەو پێشەوە دەبات.

لەلایەکی دیکەوە خودی موزیک خۆی بەرەو پێشەوە دەچێت، وەک شێوازێکی کاریگەر لەپێوەندی نێوان فیلم و موزیک، موزیک لەباری چەندایەتییەوە گەشە دەکات و لە باری چۆنایەتییەوە بەرزونزمی تێ دەکەوێت، بەڵام هەمیشە وابەستەی دراماکە دەبێت و ناتوانرێت لە هەندێک برگەدا دەستبەرداری ببی و فەرامۆشی بکەیت.

سەبارەت بە نەغمە و شێوازی موزیکیش، گۆڕانکاری و بەرەو پێشەوەچوون لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە موزیکی فیلم، سیمایەکی تایبەت بەخۆی بە گوێرەی داڕشتن و ناوەڕۆکی فیلمەکە داڕشتووە و ڕەنگرێژ کردووە، لێرەوەش دیاردە مێژوویی و میللییەکان لە ڕێگەی بەرجەستەکردنی موزیکەکەی دەورووژێنێت، ئەو چەمکەش لەسەر تازەترین شێوازە کارتێکەرەکان جێبەجێ دەبێت، کە کارتێکەرە موزیکییە ئەلیکترۆنییەکان وێنەیەکی ڕاستەقینەی ئەو شێوازەن کە لەگەڵ لەدایک بوونیدا، تۆوی مردنی خۆی هەڵگرتبوو، بەتایبەتیش لەباری تەکنیکەوە.

ڕۆڵی موزیک لە کاری سینەماییدا یەکەم جار بەگوێرەی ڕووداوەکانی ناو دراماکە پەرە دەستێنێ و زیاد دەکات، پاشان ئەو ڕۆڵە بە گوێرەی هۆکارەکانی یەک لە دوا یەکی ڕووداوەکان دەبێت. گرنگ موزیکی فیلم پێشەکی و فۆرم و یەک لەدوا یەک و بەرەو پێشڤەچوون و هەموو ئەمانە لەخۆ بگرێت، جگە لەوانە موزیکی فیلم خاوەن کۆمەڵێک ڕێسا و تایبەتمەندی خۆیەتی کە پێی ناسراوە و دەناسرێتەوە کە هەموو مرۆڤێک بە تەواوی هەست دەکات ئەو موزیکە لە پێناو هیچ شتێکدا دانەنراوە، وەک ئەو تایبەتمەندییانەی کە ئۆپێرا پێی ناسراوە، بەردەوام نەبوون لە گوێگرتنی موزیکەکە نابێتە هۆی بێزار بوونمان، تەنانەت ئەو کاتانەش لێی بێزار نابین کە حاڵەتێکی دژ دەبیستین بۆ نموونە: موزیکەکە هەر دەبیستین لەگەڵ ئەوەشدا لە دیمەنەکەدا کەسێک چووەتە خەوێکی قووڵ موزیکەکە بە ئاگای ناهێنێت، موزیک نا واقیعی نابێت کاتێک کە هاوشانی دیمەنی ئەو مرۆڤە دەکات کە بە تەنیا لە بیابانێکی چۆڵوهۆڵ و سەرشاخێکی بەستەڵەک و بەفراوی جەمسەری باکووردا دێت و دەچێت، هەروا ئەو کاتانەش بێزار نابین کە موزیکەکە بۆ شێوازی فیلم بەرهەم هاتبێ و دیمەنەکانیش نمایشکردنی سەما و هەڵپەرکێ بێت. تا دەگاتە ڕادەیەک کە موزیک هاوشانی دیمەنێک دەکات هیچ پێوەندی پێوە نەبێت.

خەڵکانێک بگرە زۆر کەس ئەو بۆچوونە سادە و سەرپێیانە دووبارە دەکەنەوە کە گوایە نابێت موزیکی فیلم لەکاتی نمایشی فیلمدا بیسترێت بۆ ئەوەی تامو چێژی لەدەست نەدات، وەک وتمان ئەو بۆچوونانە ڕاوبۆچوونی سادە و سەرپێین لەلای زۆر لە پێشەنگانی دەرکەوت لە پێناو هەموو ئەمانەدا، پێویست دەکات تێڕوانین و میتودی ئیستێتیکای جوانی بۆ موزیکی فیلم دابڕێژرێتەوە.

**سەرچاوە:**

**جماليات موسيقى الافلام، صوفيا ليسا، ترجمة غازي منافيخي، منشورات وزارة الثقافة، المؤسسة العامة للسينما، دمشق، ١٩٩٧.**